# زانست وزانیاری ( العلم ) له ئیسلامدا

[ به كوردی ]

# العلم في الإسلام

[ باللغة الكوردية ]

نوسینی : زاگرۆس هەمەوەند
الكاتب : زاكروس هموند

پێداچونەوە: پشتیوان سابیر عەزیز
المراجعة:بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( رەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی رەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2009 -1430**

islamhouse.com

# زانست وزانیاری ( العلم ) له ئیسلامدا

گومان لەوەدا نیەئاینی پیرۆزی ئیسلام گرنگیەکی زۆری داوەبەزانست وزانیاری بەهەموو شێوەکانیەوەلەسەروو هەموویانەوەزانستەشەرعیەکان، لەپێش هەموو ئەمانەشەوەیەکەم ووشەوفەرمانی خوایی بۆ پێغەمبەری ئازیزمان ( صلی الله علیه وسلم ) بریتی بوو له ( اقرأ باسم ربك الذی خلق ) ، کەواته ئاینی ئێمەئاینی خوێندن وزانست وزانیاری ودوور کەوتنەوەیە له جەهل ونەزانین، بەڵام بەو مەرجەی بەناوی خوداوەدەست پێ بکات . ( باسم ربك الذی الخلق ) ئەو خودایەی کەلەنەبوونەوەئافەریدەی کردین وهێناینیەبوون .

## ١- فەزڵی زانست وزانیاری ( العلم ) لەئیسلامدا .

خوای گەورەش لەبارەی فەزڵ وپلەوپایەی زانایانەوەدەفەرموێت:{ يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ } المجادلة /١١.

واته: خوای گەورە پلەوپایەی ئەو کەسانە له ئێوە بەرز ئەکاتەوە کە ئیمانیان هێناوە، هەروەها پلەوپایەی ئەو کەسانەش کەزانا وخاوەن علم وزانستن بەچەندەها پلەبەرز دەکاتەوە، خوای گەورەش بەئاگایەوخەبیرەبەو کارو کردەوانەی کەدەیکەن ) .

ولەفەرموودەیەکدا هاتووەکەئەبو ئومامەی باهلی ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێرێتەوەکەباسی دوو پیاو کرا بۆ پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم)، یەکێکیان خواناسەو ئەوی تریان زانا ( عالم ) ە، پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : " فضل العالم علی العابد کفضلی علی أدناکم " ثم قال رسول الله (صلی الله علیه وسلم ) : " إن الله وملائکته وأهل السماوات والارضین، حتی النملة فی جحرها وحتی الحوت لیصلون علی معلم الناس الخیر " (١) ،واته: فەزڵی کەسێکی زانا

بەسەر كەسێكی خواناسەوە، وەك فەزڵی من وایەبەسەر كەمترین كەسی ئێوەوە، پاشان فەرمووی :خوای گەورەوفریشتەكان وخەڵكی ئاسمانەكان ( كەمەبەست پێی فریشتەكانی ئاسمانە) وسەر زەوی و( مەبەست پێی گیان لەبەرانە) تەنانەت مێروولەلەناو كونەكانی خۆیان وماسی وحوتەكانیش لەناو دەریا صەڵاوات دەدەن لەسەر مامۆستای خێر وفێركاری خەڵكی - واتەهەموویان داوای لێخۆش بوونی بۆ دەكەن لای خوای گەورە"

**٢- فەزڵی گەڕان وفێربوونی زانست كەپێش كردەوەی خێر ووتەی خێریشە .**

خوای گەورەدەفەرموێت : { فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَاسْتَغْفِرْ لِذَنْبِكَ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مُتَقَلَّبَكُمْ وَمَثْوَاكُمْ } محمد / ١٩ . واتە: ئەی مرۆڤ بزانن وفێربن كەجگەلەخوا هیچ خوایەكی تر نیە بەحەق، وەداوای لێخۆش بوونی گوناهـ بۆ خۆت وئیمانداران لەپیاوان وئافرەتان هەر لای خودا بكە، دڵنیابەخوا دەزانێت لەڕۆژدا بەچیەوەخەریكن ولەشەویشدا لەكوێ دەحەوێنەوە- یان دەزانێت لەدونیادا چی دەكەن ودەرەنجامیشی لەقیامەتدا چۆن دەبێت .

بەووردی سەرنج بدەین دەزانین خوای گەورەلەسەرەتای ئایەتەكەوەفەرمان دەكات بەمرۆڤەكان كەبەعلم وزانست لەسەر چاوڕوونی خودا بناسن ویەكتاپەرست بن، ئەم فێربوون وبەزانست فێربوونەشی خستوەتەپێش ( استغفار وداوای لێخوش بوون ) وە.

ئەویش لەبەر ئەوەیەنووری علم وزناست تاریكی ودواكەوتووی جەهل ونەزانین ناهێڵێت ، لەهەر كوێیەك زانست وعلم هەبوو جەهل ونەزانین بار دەكات ودەڕوات و بارەگای دەپێچێتەوە.

هەرهوەها خوای گەورەدەفەرموێت : { وَقُلْ رَبِّ زِدْنِي عِلْماً } (طـه: من الآية١١٤ ) واتە: ( ئەی موحەمەد ) نزا بكەولەخودا بپاڕێرەوەوبڵێ : ئەی پەروەردگار بەردەوام زانست وزانیاری زۆرتر وزیاترم پێ ببەخشە.

پەروەردگار پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فێر دەكات كەداوای زیاتر لەزانست وزانیاری بكات، زانست وزانیاریەك پشت ئەستوور

بێت بەخواناسین وخزمەت کردنی مرۆڤایەتی ورەوشت وبەهای بەرز، ودوور بێت لەکاولکاری وروخاندنی ئەخلاق وکلتووری جوانی ناو کۆمەڵگا .

پێغەمەبەر (صلى الله عليه وسلم ) لەفەرموودەیەکدا کەئەبو هورەیرە( خوای لێ ڕازی بێت ) لێوەی دەگێڕێتەوەفەرموویەتی : " من سلك طريقا يلتمس فيه علما سهل الله به طريقا إلي الجنة "(٢) .

واتە: هەرکەسێك ڕێگایەك بگرێتەبەر کەزانست وزانیاری ( العلم ) لێوەفێر بێت، خوای گەورەش ڕێگای چوونەبەهەشتی بۆ ئاسان دەکات .

فێر بوونی زانستیش بەوەندەبەس نابێت کەمرۆڤ بۆ خۆی زانا بێت وئاگاداری ووردەکاریەکانی بێت وپەی بەنهێنیەکانی ببات، بەڵکو دەبێت وەك ڕووناکی چرا و بۆنی خۆش ( العطور ) وابێت کەسوودیان بۆ خۆشیان وبۆ خەڵکی تریشە، دەبێت ئەو هیدایەت وچاو ڕوونیەی کەئەوی لەسەرەخەڵکی تریشی بۆ بانگ بکات ولەو سەرچاوەپاکوخاوێنەبەشی کەسانی تریش بدات، ئەوەتانێ پێغەمەبەر (صلى الله عليه وسلم ) لەفەرموودەیەکی تردا کەئەبو هورەیرە( خوای لێ ڕازی بێت ) لێوەی دەگێڕێتەوەدەفەرموێت : " من دعا إلى هدى كان له من الأجر مثل أجورهم من تبعه، لا ينقص ذلك من أجورهم شيئا، ومن دعا إلي ضلالة كان عليه من الإثم مثل آثام من تبعه لا ينقص ذلك من آثامهم شيئا " (٣) .

واتە: هەرکەس بانگەواز بکات بۆ هیدایەت دانی خەڵکی، ئەوەپاداشتی هەموو ئەو کەسانەی بۆ دەنوسرێت کەبانگی کردون ورێگای هیدایەتیان گرتووە، بەبێ ئەوەی لەپاداشت وچاکەی ئەو کەسانەش کەم ببێتەوە، بەپێچەوانەشەوەهەرکەسێکیش خەڵکی بانگ بکات بۆ گومڕایی ورێگای سەر لێشێواوان، ئەوەبەئەندازەی خراپەوتاوانی هەموو ئەوکەسانەی بۆ دەنوسرێت کەئەو بانگی کردون بۆ گومڕایی بەبێ ئەوەی لەتاوان و خراپەی ئەوانیش کەم ببێتەوە.

کەواتەئەبێت بزانین وئاگاداری خۆمان بین سەرمەشقی خەڵکی نەبین لەگومڕاکردنیان وهاندانیان بۆ کاری خراپە، بەڵکو مامۆستا وچاوساغیان بین بۆ هیدایەت وکاری خێر و چاکسازی ودوور خستنەوەیان لەهەموو ڕێگایەکی لار وخێچ .

**٣- واجبەگەیاندنی زانست زانیاری بەکەسانی تر .**

لەم بارەیەوەخوای گەورەدەفەرموێت : { هَذَا بَلَاغٌ لِلنَّاسِ وَلِيُنْذَرُوا بِهِ وَلِيَعْلَمُوا أَنَّمَا هُوَ إِلَهٌ وَاحِدٌ وَلِيَذَّكَّرَ أُولُو الْأَلْبَابِ } ابراهيم /٥٢ .

واتە: ئەم قورئانەڕاگەیاندنێکەبۆ خەڵکی بەگشتی تا بەهۆیەوەوریا بکرێنەوەوئامۆژگاری پێ وەربگرن، بۆئەوەی بزانن بێگومان ئەو زاتەخوایەکی تاك وتەنهایە( هەروەها بۆ ئەوەیەکە) خاوەنی بیروهۆشەکان یاداوەری وەربگرن وبیربکەنەوەتاوەکو خۆشیان وخەڵکی تریش لەسزای ئاگری دۆزەخ ڕزگاربکەن .

بەم پێیەواجبوپێویستەلەسەر بانگخوازان و زانایانی ئەم ئومەتە نعمەت وڕەحمەتی ئەم ئیسلامەبگەیەنن بەخەڵکانی تر وئاگاداریان بکەنەوەلەمەترسی شرك وهاوەڵ پەیدا کردن بۆ خوا و بانگیان بکەن بۆ یەکتاپەرستی وناسینی خوای گەورەبەوەی فەرمانی پێ کردوە.

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ( خوایان لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوەکەپێغەمەبەر (صلی الله علیه وسلم ) دەفەرموێت : " بلغوا عني ولو آية... ) (٤ ).

واتە: ئـەوەی لەمنەوەوەری دەگـرن بیگەیـەنن بەخــەڵکی ئەگەر تەنها ئایەتێکیش بێت .

ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت هێچ کەس بیانووی نامێنێت لەوەی بڵێت من شارەزایەکی وام نیەلەئیسلام، ئیتر چۆن چۆنی بانگەواز بکەم وخەڵکی تێبگەیەنم، چونکەئەم فەرموودەصەحیحەبەڵگەیەلەسەر ئەوەی قسەو گوفتاری خێر دەبێت بگات بەو کەسانەی کەبێئاگان لەم ئاینەپیرۆزەئەگەر چی بەتەنها ئایەتێکیش بێت، بۆ ئەوەی کەس بێبەش نەبێت لەنوور وروناکی ورەحمەتی ئیسلام،خۆ ئەگەر سوود مەندیش نەبوو، با لای خوای گەورەپروبیانووی نەمێنێت بڵێت ئەی خوای گەورەکەسێك نەبوو ڕێگای ڕاستم پیشان بدات .

**٤- سزای ئەو کەسەی زانست زانیاری ئەشارێتەوەو نایگەیەنێت بەخەڵكانی تر .**

لەم بارەیەوەخوای گەورەلەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: { إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنْزَلْنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالْهُدَى مِنْ بَعْدِ مَا بَيَّنَّاهُ لِلنَّاسِ فِي الْكِتَابِ أُولَئِكَ يَلْعَنُهُمُ اللَّهُ وَيَلْعَنُهُمُ اللَّاعِنُونَ (١٥٩) إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا وَأَصْلَحُوا وَبَيَّنُوا فَأُولَئِكَ أَتُوبُ عَلَيْهِمْ وَأَنَا التَّوَّابُ الرَّحِيمُ } البقرة / ١٥٩-١٦٠ .

واتە: ئەو کەسانەی کەبەرنامەورێنمونیەکانی ئاشکرای ڕەوانەکراوی ئێمەدەشارنەوەکەناردومانەتەخوارەوەدوای ئەوەی لەکتێبەکاندا بۆ خەڵکیمان ڕوون کردوەتەوە، ئا ئەوانەخوا ونەفرینکارانیش نەفرینیان لێ دەکەن، جگەلوانەی تەوبەیان کردوەوچاکسازیان ئەنجامداوەو حەقیقەت وڕاستیان ڕوون کردەوەپاش ئەوەی کەپێشووتر شاردبویانەوە، ئائەوانەتەوبەکەیان لێ وەردەگرم وتەنها منیشم کەزۆر تەوبەوەردەگرم و بەڕەحم ومیهرەبانم .

ئەبو هورەیرەش لەم بارەیەوەفەرمودەیەکی هەڕەشەئامێزی لەپێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ڕیوایەت کردوەکەدەفەرموێت : " من سئل عن علم فكتمه ألجمه الله بلجام من نار يوم القيامة "(٥) .

واتە: هەرکەسێك پرسیارێکی لێ بکرێت لەبارەی زانست وزانیاریەکەوە، ئەویش بیشارێتەوەونەیگەیەنێت بەخەڵکی خوای گەورەلەڕۆژی دوایدا لەغاوێکی ئاگرینی دەکاتەدەمەوە.

پەراوێزەکان :

---

(١) صحيح سنن الترمذي رقم ( ٢١٦١ )

(٢) صحيح مسلم برقم (٢٦٩٩ ) .

(٣) صحيح مسلم برقم ( ٢٦٧٤ ) .

(٤) بوخاری ڕیوایەتی کردوەبرقم ( ٣٤ ٦١ ) .

(٥) ئەبو داود و تورموزی ڕیوایەتیان کردوەوفەرمودەیەکی حەسەنی صەحیحە .